# فۆبیای کۆمۆنیزم

عومەر خەتات

هاوڕێـم "وەلید عومەر" لە نوسینێکدا پارادۆکسی ناو ڕۆشنبیرانی کورد بەو شێوەیە باسدەکات کە ئەوان بەدیلی کۆمۆنیستی بە جۆرێك لە "خەیاڵپڵاوی" ناودەبەن و لەبەرامبەریدا بەدیلی ئیسلامییەکان کە لە دەوڵەتی خەلافەتدا خۆی دەنوێنێت هەرسدەکەن کە ئەگەر و شانسی درووستبوونی هەیە .

لەم سەرەتا کورتەوە دەگەڕێمەوە بۆ باوکم کە زەحمەتکێشێکی ماندوو بوو لە ژیانیدا. باوکمئەگەرچی خوێندەواریی نەبوو بەڵام لینینی دەناسی، هەرکاتێك کە دانیشتووین و جەدەلی سیاسییمان بووە لەسەر کۆمۆنیزم و هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی هەموو کاتێك دەیوت ئێوە وەك لینینتان پێناکرێت، ئاخر ئەو شۆڕشگێڕ بووا ناسینی لینین و مەسەلەی شۆڕشگێڕبوونی بۆ باوکمی نەخوێندەوار و موسوڵمان جێگەی سەرسوڕمانێکی گەورە نیە بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، ئاخر هەر باوکم وا نەبوو، بەشێکی زۆری خەڵکی سادە و ڕۆشنبیری ئەو کاتە ئەگەر کۆمۆنیستیش نەبووبن، ئەوا پێیان وابوو کە بەدیهێنانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم ئەگەرێکە لە ئەگەرەکان.

بەڵام بەداخەوە وێنەکە لە ئێستادا وا نیە، بەڵکو ئایدیای کۆمۆنیزم وەکو بزووتنەوەیەکی بنەڕەتی یەکسانیخوازی و عەدالەتخوازیی کۆمەڵگە گۆڕدراوە بۆ فۆبیایەکی گەورە کە شوێنکەوتنی بە جۆرێك لە دۆگما و "خەیاڵپڵاوی" لێکدەدرێتەوە، ئەمە تەنها لە کوردستان وا نیە بەڵکو لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیا وێنەکە بەم جۆرەیە.

لەگەڵ هاوڕێیەکی نەرویجییم کەوتینە جەدەلی بارودۆخی کار و تێکچوونی باری ئابوری و هەژاری و شەڕ و تێکچوونی ئارامی و هتد، من ڕاکانی خۆمم بە دەنگی بەرز خستەڕوو، پێی

وتم قسەکانت بۆنی چەپی لێدێت، وەڵامم دایەوە وتم نا من چەپ نیم، کۆمۆنیستم! وتی منیش خۆم بە کۆمۆنیست ئەزانم". لەوە دەچوو بترسێت ئەوە بدرکێنێت کە کۆمۆنیستە تا ئەو کاتەی کە من خۆم ڕاگەیاند"! وتی بەس ناوێرم لەزۆر شوێن ئەمە بدرکێنم چونکە خەڵك لەو وشەیە ئەترسێت! واتە لە کۆمۆنیزم !

لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم بگەڕێـم بەشوێن بنەماکانی ترس لە کۆمۆنیزم و سەرچاوەی درووستکردنی ئەو وێنە ناشیرینە لە ئایدیایەك کە قەرارە یەکسانیی ئابوری و خۆشبەختی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و زانستی و ژیانێکی هەرەوەزی وکۆمۆناڵی لە ئاستێکی بەرزدا بۆ مرۆڤەکان دابیندەکات. ئەوروپا و ئەمریکا وەك نمونە لە باسەکەمدا دێنمەناوەوە.

ترسان لە کۆمۆنیزم لەناو جەرگەی ئەوروپادا دیاردەیەکی بێهۆ، دووکەڵێکی بێ ئاگر نیە. ئەگەر لایەنێکی پەیوەستە بە سیستەمێکی سەرکوتگەری سەرمایەی دەوڵەتی فەرمانڕەوا لە ڕوسیاو بلۆکی خۆرهەڵات بە گشتی، ئەوا دیوی ئەودیوی ئەم ترسە هەوڵێکی سیاسیی سەرمایەداری و لیبراڵیزمە بۆ تۆقاندنی خەڵك بەگشتی لە کۆمۆنیزم و ئایدیای کۆمۆنیستی. هاوڕێم وەلید دەڵێت کە ڕیشەکەی لە ئایدۆلۆژیای باڵادەستەوە هاتووە، واتە لە هەیمەنەی لیبراڵیزم و سەرمایەدارییەوە هاتووە. من لەو بارەیەوە هاوڕام بەڵام ئەمە چوارچێوەی گشتی باسەکەیە. من دەڵێم فۆبیاکە هەوڵێکی سیاسیی پیلاندارە و سەرمایەداری توانای گەورەی مادی و مەعنەویی بۆ تەرخانکردووە .

ئەوروپای بریندار دوای جەنگی جیهانیی دووەم بەدەست شپرزەیی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەوە دەیناڵاند. لەناوبردنی فاشیزم و نازیزمی ئەڵمانی کۆتایی بە کێشە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان نەهێنا بەڵکو کێشەکانی بردە قۆناغێکی نوێ لە کێشمەکێش و بەرامبەرکێ. کێشمەکێشە نوێیەکان هێزەکانی دابەشکردەوە بەسەر دوو زلهێزی تر کە لە شێوەدا جیاواز و لەناوەڕۆکدا چوونیەکن. خۆرهەڵاتی کۆمۆنیستی و خۆرئاوای سەرمایەداری ئەو بلۆکبەندییە تازەیە بوون کە بە شێوەیەکی نوێ جیهانی دابەشکردەوە و هەریەکە لەم بلۆکە ئیمپریالیستیانە لەهەوڵی زیادکردنی ڕێژەی ئەو وڵات و سیستەمانە بوون بۆ فەلەکی سیاسی و ئابوریی خۆیان.

بەمەبەستی پێدانی یەکانگیریی زیاتر لەنێوان وڵاتە ئەوروپییەکاندا و پاراستنیان لەدەست هێزگرتنی کۆمۆنیزم و لەسەر داوای هەندێ وڵاتی ئەوروپی، ئەمریکا لەساڵی ١٩٤٧ "پرۆژەی ترۆمان"و لەساڵی ١٩٥٢ "پرۆژەی مارشاڵ"ی پەسەندکرد بەمەبەستی کۆمەککردنی ئەو وڵاتە ئەوروپییانەی لە چەشنی یۆنان و تورکیا کە باری ئابورییان زۆر خراپ بوو. لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا ئەمە هاتووە کە ئەمریکا بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار دەداتە تورکیا و یۆنان کە دژی کۆمۆنیزم دەجەنگن! هەروەها یارمەتی دەداتە هەموو ئەو وڵاتانەی کە هانا بۆ ئەمریکا دێنن بۆ پاراستنی "جیهانی ئازاد" و دوورخستنەوەی کۆمۆنیزم لە جیهاندا .

بەڵام ئەم یارمەتییانە لەلایەن ئەمریکا و "جیهانی ئازاد"ی سەرمایەداری بۆ ئەو وڵاتانە زۆر مسۆگەر نین و ناتوانێت ڕێگر بێت لەبەرامبەر تەشەنەکردنی کۆمۆنیزمدا. ئەمە قەناعەتێك بوو کە بیرمەندانی سەرمایەداری بە زوویی درکیانپێکرد. ئەوان پێیانوابوو کە کۆمۆنیزم تەنها سیستەمێکی سیاسی نیە، بەڵکو ئایدیا و عەقیدەیەکە و ئاوا ئاسان ناتوانرێت لەناوببرێت، بۆیە پلاندەرانی CiA بیریان لە شتێکی تر کردەوە ئەویش گواستنەوەی شەڕی کۆمۆنیزم بوو بۆ ناو گۆڤارو ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و پێشانگای هونەرو ئەدەب بەمەبەستی گۆڕینی ڕای خەڵکی لەسەر کۆمۆنیزم و دەرخستنی وەك شەیتانێك و سیستەمێکی شمولی کە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان پێشێلدەکات هەروەها پیشاندانی سەرمایەداری وەك پارێزەر و پەرەپێدەری ئازادییە فەردییەکان.

سی ئای ئەی، لەوە دڵنیابوو کە شەڕێکی لەو چەشنە ناکرێت بەشێوەیەکی زەق و ئاشکرا ببرێتەڕێوە، بەڵکو بێسەرێشەترین کار ئەوەیە کە بە شێوەیەکی شاراوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت. ڕیتشارد کروسمان، ئەندامی حزبی کرێکارانی بەریتانی، کە پۆستی وەزیری هەبوو لە حکومەتەکەی هارۆڵد ویلسن لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا ناسرابوو بەدژایەتیکردنی سەرسەختی کۆمۆنیزم ئاوا دەنوسێت "باشترین ڕێگە بۆ پروپاگەندەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پێتەوە دیارنەبێت کە تۆ کردووتە !"

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پیادەکردنی ئەم تەرحە پارەیەکی خەیاڵیی تەرخانکرد بۆ بەرنامەیەکی تەواو نهێنی بەمەبەستی پروپاگەندەکردن لەدژی کۆمۆنیزم لە ئەورووپای خۆرئاوادا. بەرنامەیەك کە دیارنەبێت بوونی هەیە! هەروەها ئەرکی ئەم کارەی خستە ئەستۆی.CiA .

یەکەم کار کە CiA پێی هەستا درووستکردنی ڕێکخراوێکی کەلتوری و فەرهەنگی بوو بە ناوی "ڕێکخراوی ئازادیی فەرهەنگی" کە بنکەکەی لە پاریس بوو و لەلایەن پیاویCiA ، مایکل جۆسیلسون سەرپەرشتی دەکرا. ئەم ڕێکخراوەیە لەساڵی ١٩٦٧ ناوەکەی گۆڕدرا بۆ " یەکێتیی نێونەتەوەیی بۆ ئازادیی فەرهەنگی". ئەم ڕێکخراوە لە زیاتر لە ٣٥ وڵاتدا لقی هەبوو و زیاتر لە ٢٠ گۆڤار و ڕۆژنامەی"سەربەخۆ"ی دەردەکرد. لە کارەکانی تری ئەم ڕێکخراوە سازدانی پێشانگای هونەری و کۆنگرەی گەورەی ئەدەبی کە کەسایەتی گەورە تێیدا بەشدار دەبوون، هەروەها سازدانی فیستیڤاڵی مۆسیقی و دەرکردنی کتێب و تاد بوو. بە کورتییەکەی ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیە ئەوە بوو کە ڕۆشنبیرانی ئەورووپای خۆرهەڵات هانبدات بۆ وازهێنان لە فەرهەنگی کۆمۆنیستی و مارکسیستی ڕووکردنە فەرهەنگێکی تر کە لەگەڵ ڕۆشنبیری و جیهانبینیی ئەمریکییدا بێتەوە.

یەکێك لە پرۆژەکانی ئەم ڕێکخراوە گۆڤاری ئینکاونتر (Encounterr) بوو کە لە بەریتانیا دەردەچوو(١٩٥٣تا ١٩٩٠). ئەم گۆڤارە جێگەوڕێگەیەکی گەورەی ڕۆشنبیریی لە ئەورووپای دوای جەنگ پەیداکرد. ناوی گەورە ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەم گۆڤارەدا بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە

لەوانە نانسی میتفۆرد، ئێدیث وارتون، بۆرخیس، دیڤید مارکاند، دەبلیو، ئیتچ ئۆودن و هەروەها بێرتراند راسل .

ئەم گۆڤارە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئینگلتەرا، ئەمریکا، ئاسیا و ئەفریقیا بڵاودەبۆوە. ئینکاونتر کۆڤارێکی تەواو ئایدیۆلۆژی بوو و ئایدیۆلۆژیاکەشی بەشێوەیەکی نهێنییانە و لە مەیدانی کەلتور و فەرهەنگدا دژی کۆمۆنیزم بوو.

ئەم گۆڤارە بەناوبانگە بە هاوکاریی دەزگای موخابەراتیی بەریتانی و CiA بەڕێوەدەچوو. لەپاڵ ئینکاونتردا ئەم گۆڤارانەی تریش بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی CiAA دەردەچوو: گۆڤاری کۆمینتری، نیولیدەر، پارتیزان ریڤیو، سۆڤێت سریڤی کە سەرنووسەرەکەی والتر لاکیر بوو، گۆڤاری تیمپۆ پریزینت لە ئیتاڵیا، کوادرات لە ئوسترالیا، کویست لە هندستان، جیو لە یابان. هەموو ئەم گۆڤارانە دژی کۆمۆنیزم و جیهانبینیی کۆمۆنیستی کاریاندەکرد بەڵام بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

تەنانەت کار گایشتە ئەوەی کە ڕێکخراوی ئازادیی فەرهەنگی ساڵی ١٩٦٤هەستێت بە ڕێگری درووستکردن بۆ پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بە پابلۆ نیرۆدای گەورە شاعیری شیلی، ئەگەرچی لەساڵی ١٩٧١ پێیبەخشرا، و دوو ساڵ دوای ئەوەش لەلایەن موخابەراتی ئەمریکییەوە کوژرا. لورانس زوکرمان لە ڕۆژنامەی "ذ نیویورک تایمز" لە وتارێکدا بەناونیشانی "چۆن CiA لەڕێگەی فەرهەنگەوە فێڵی پیس بەکاردەهێنێت" باسی ئەوە دەکات کەچۆن ئەم دەزگایە هەستا بە یاریکردن بە کۆتایی فیلمی باخچەی ئاژەڵانی گەورە نوسەر (جۆرج ئۆرویل) و بەخشینی کۆتاییەکی دژە کۆمۆنیستیانە بەو ڕۆمانە. زوکیرمان ئاوا باسی دەکات: کۆتایی ڕۆمانەکەی باخچەی ئاژەڵان جوانترین بەشی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت کە چۆن ئۆرویل بە شێوەیەکی نایاب وێنەی ئاژەڵەکان دەکێشێت کە چۆن لە سەرسوڕماندا دەمیان دەکەنەوە کاتێك سەیری بەرازە چەوسێنەرەکان کە نوێنەرایەتی کۆمۆنیزم دەکەن لەلایەك و خاوەن کێڵگە سەرمایەدارەکان کە نوینەرایەتیی سەرمایەداری دەکەن لەلایەکی ترەوە وەك میتافورێك و پیشاندانی ئەوەی کە ئەم دوو لایەنە لەیەکدەچن و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نیە. بەڵام لە فیلمەکە ئەم بەشە گرنگەی ڕۆمانەکە لەلایەنCiA وە یارییێدەکرێت و خاوەن کێڵگەکان لە نمایشی کۆتایی دەردەهێنرێت و تەنها بەرازەکان"کۆمۆنیزم" دەکەونە بەردەم ڕاپەڕینی ئاژەڵە چەوساوەکاندا! سی ئای ئەی، لەوە دەترسا کە بینەرانی فیلمەکە قەناعەتێکی وا لایان درووستببێت کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا نیە و چەوسانەوە خاڵی هاوبەشی هەردووکیان پێکدەهێنێت، بۆیە هەستا بە دانی پارەیەکی زۆر بە هاوسەرەکەی جۆرج ئۆرێل و مافی فیلمەکەی بۆ خۆی کری بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ئەو گۆڕانکارییانەی کە خزمەت بە پەیامەکەی دەگەیێنێت لە فیلمەکەدا ئەنجام بدات!

دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان لە ئەمریکا وێنەیەك لای ئێمەی کورد و تەنانەت هەموو دنیاش درووستبووە کە ئەمریکا لانکەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادییە فەردییەکانە. ئەم وێنەیە تەواو پێچەوانەی ڕاستییە. ئەمریکا یەکێکە لە سەرکوتکەرترین سیستەمەکانی دونیا و وڵاتی ناعەدالەتی و بێمافییەکانە! ئەمە لە خۆوە نەهاتووە بەڵکو دەریایەك لە سەرکوت بەتایبەت بەرامبەر کۆمۆنیستەکان، مێژووی ئەم وڵاتەی نەخشاندووە.

کۆنگرێسی ئەمریکی ساڵی ١٩٥٤ ٤یاسای بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزمی بەفەرمی پەسەندکرد. بەپێی ئەم یاسایە هەزارەها لە ڕۆشنبیرو هونەرمەند و ئازادیخواز کەوتنە بەردەم دادگا لەوانە شارلی شاپلن، بول روبسونی گۆرانیبێژو هەڵسوڕاوی سیاسی، ئارثر میلەری گەورەنوسەر و بیرتۆڵد برێختی گەورەنوسەر و شانۆکاری ئەڵمانی. بەپێی هەمان یاسا حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا یاساغکرا و هەر کەسێك پەیوەندیی بکردایە بەو حیزبەوە غەرامەی ١٠ هەزار دۆلار و زیندانیکردنی تا ماوەی پێنج ساڵ بۆ دەبڕایەوە و وەکو تاوانبار سەیردەکرا. جۆزیف ماکارثی لە یەکێك لە پەیامەکانی لە ٩ی شوباتی ١٩٥٠٠ ئاوا دەڵێت: "ئێمە ئێستا لەبەرامبەر جەنگێکی یەکلاییکەرەوەداین لە نێوان مەسیحیەت و کۆمۆنیزمێکی بێدیندا. کۆمۆنیستەکان پێیان وایە ئێستا کاتی ئەم شەڕە هاتووە، بەڵێ منیش هاوڕای ئەوانم، و لێرەوە من سەعاتی سفر دیاریدەکەم بۆ ئەو شەڕە!"

هەروەها ماکارثی لە پەیامەکەیدا وتی کە "ئەمریکای باوەڕدار لە دوژمنایەتییەکی سەرسەختدایە لەگەڵ مارکس کە خوداوەندی خستۆتەلاوە، وەك درۆیەکی کۆنەپەرستانە چاوی لێدەکات. هەرووەها لینین وستالین ڕایانگەیاندوە کە ئەوان ناتوانن لەگەڵ ئەو گەلانەدا بژین کە بڕوایان بە خوداوەند هەیە ."

ئەم پەیامەی ماکارثی وەك ئەو پزیسکە ئاگراوییە وا بوو کە کۆمەڵگەی ئەمریکیی خستەسەر سەکۆیەك لە ڕق و ترس و دڵەڕاوکێ و دەورانێکی نوێی لە سەرکوت و ئیستیبداد لەم کۆمەڵگەیەدا دەستی پێکرد. بەمەش ماکارثی توانیی تەنانەت گومانیش لە کەسێك کە بڕوای بە ئازادی هەیە بخاتە خانەی دژایەتی کردنی نیشتمان و سەرەنجام دادگاییکردنی بە تۆمەتی خیانەت لە نیشتمان.

سەرەنجام ئەمریکییەکان سەریان کردەوە بەناو خۆیاندا و دەترسان ڕای خۆیان بە ئاشکرا ڕابگەیەنن نەوەك کە بە هەڵە تەرجومەبکرێت و تووشی کێشەیان بکات. لەو سەردەمەدا لەلایەنFBIوە کتێبێکی قوتابخانە چاپکرا بەناوی" دۆزینەوەی مێژووی ئەمریکا" کە تێیدا ئەم ئامۆژگارییەی بۆ منالآن تێدایە: (FBIداوا لەهەموو ئەمریکییەکان دەکات کە لە ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر گومانێك سەبارەت بە هەر چالاکییەکی کۆمۆنیستانە لە دەوروبەری خۆیان، ئەمە بۆ پاراستنی یاسا و نۆرمی ژیانی ئەمریکییەکانە بە پلەی یەکەم."

لەو سەردەمەدا نزیکەی ٣٠٠ هەزار کتێب لە کتێبخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێچرانەوە بە تاوانی ئەوەی کە نوسەرەکانیان کۆمۆنیستن نەك هەر ئەمە بەڵکو بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی دەرەوە ڕیکلامکردن بۆ ئەم نوسەرانە و ئەوانەشی کە سۆز و سەمپاتییان هەیە لەگەڵ کۆمۆنیزمدا بە خیانەت چاوی لێکرا. ئەم بڕیارە نوسەرانێکی زۆری گرتەوە لەوانە " سارتەر، گۆرگی، جۆن ڕید ولیام کارلوس ولیامز، ئەنیشتاین و هەموو کتێبەکانی سیگمۆند فرۆید!" هەروەها FBI هەموو ئەو نوسەرانەی خستەژێر چاودێریی خۆیەوە کە گومانی کۆمۆنیستبوونیان لێدەکرا لەوانە" جۆن کرو ڕانسوم، هاوارد فاست، لانگستون هیوز، ئەرنست هەمینگوای و ئارثەر میللەر ."

نیولیبراڵیزم و جیهانگیری، لەرێگەی ڕێکخراوی جۆراوجۆرەوە لەوانە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیW.T.O وە کە لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزرا و ئەرکی تەنانەت نەك بانگەشەیە بۆ ئازادیی بازرگانی بەڵکو خاڵێکی تریش ئەویش ئازادی کەلتوری و فەرهەنگییە بۆ بەرنامەکەی زیادکردووە و ئامانج لێی گۆڕینی فەرهەنگی دنیایە بە نمونەی فەرهەنگی ئەمریکی کە لەسەر بنەمای بەرامبەرکێی ئابوری و چاوچنۆکی و فەردانیەت و دوورکەوتنەوەیە لە ڕێکخراوبوون دامەزراوە.

ئەوەی کە CiA لەمەیدانی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ بەگشتیدا ئەنجامیداوە و دەدات بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لە کۆمۆنیزم و جیهانبینیی کۆمۆنیستی، کارکردی ترسناك و تێکدەرانەی لەسەر زیهنیەت و فەرهەنگی خەڵك بەگشتی داناوە و کۆمۆنیزمی کردۆتە فۆبیایەکی تۆقێنەر .

ئەرکی تەواوی کۆمۆنیستەکان و هەموو ئەوانەی بڕوایان بە ژیانێکی بەختەوەرانەی کۆمەڵایەتی هەیە کە لەسەر بنەمای یەکسانیی ئابوری و ئازادیی خەلاقانەی ئینسانەکان دامەزرابێت ئەوەیە کە هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆ بەستنەوەی ئەم عەقیدە ئازادیبەخشە بە چینی چەوساو و کرێکار و کردنی بە هێزێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. بەبێ ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی و جەماوەری، بەبێ ڕەخنەی مارکسییانە لە بنەما ئابوری و فیکرییەکانی سەرمایەداری و نیولیبراڵیزم ناتوانرێت ئینسان لە هێرشی ئابوری و کەلتوری سەرمایە و سەرمایەداری وەك سیستەمێکی چەوسێنەر ڕزگاری ببێت.

سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- http://www.nytimes.com/…/how-the-cia-played-dirty-tricks-wi…

- How the CIA brought Animal Farm to the screen
http://www.telegraph.co.uk/…/how-cia-brought-animal-farm-t…/

-Modern art was CIA 'weapon'
http://www.independent.co.uk/…/modern-art-was-cia-weapon-15…

-من الذي دفع للزمّار؟: الحرب الباردة الثقافية، له نوسینی ف، س، سوندەرز

-السي آي إيه تقرأ النظرية الفرنسية: حول العمل الفكري لتقويض اليسار الثقافي.
http://www.jadaliyya.com/…/السي-آي-إيه-تقرأ-النظرية-الفرنسي…